دیندار زێباری: دادگایی کردنی ئەندامانی داعش بە پێی یاسایی تیرۆر بەردەوامە

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رایگەیاند، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر بابەتی مافیمەدەنی و سیاسی گفتوگۆمان کردووە، هەروەها زیاتر لە 200 داعشمان بە پێی یاسایی تیرۆر دادگاییکردووە، پرۆسەکەش بەردەوامی هەیە.

دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئێمەلەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆمان لەسەر بابەتی مافی مەدەنی و سیاسی کرد، کە ئەویش سێتەوەری سەرەکییە، لەوانە دادگایی کردن، سەربەخۆیی دادگاکان و دادگایی کردنی دادپەروەرانە.

گوتیشی: حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بەم سێ تەوەرە، چونکە زۆر گرنگە و ئەتوانن رۆڵیکی کاراببینن لە رووی حکومڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستاندا، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمە بابەتی دەسەڵاتیدادوەری بە بابەتەکی گرنگ دەبینین.

دەشڵێت: ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەو راسپاردانەیە کە سەبارەت بە دادوەری

هاتووە،هەروەها باس لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێت، ئەمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان،رێگا خۆشکەرین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی خول و راهێنان و پاڵپشتی زیاتر بەدەست بهێنینجا هونەری بێت، یان پسپۆڕی یان یاسایی بێت.

گوتیشی: لە پرسەی دەرباز بوون لە سزا، داوامان لە دەسەڵاتی دادوەری ئەوەبووە، کە ئەو دەسەڵاتەسەربەخۆییە، وە ئەمە بەپێی ئەو پلانەی کە هەمانە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها سەرۆکیئەنجومەنی دادوەری، دادوەر عەبدولجەبار هاوکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەو پلانە.

هاوکاری دادوەری گرنگە کە لەرووی ئەو ستانداردە نێودەوڵەتییانەوە کە دادوەرەکان، لەرووی ریسەرچبێت یان بەدواداچوون بێت یان تازە کردنەوە بێت، گرنگە دادوەران ئەو وشیاریانەیان هەبێت.

دادگایی کردنی داعش بە یاسایی تیرۆر بەردەوامە، تەنها لە ساڵی 2021 و 2022 زیاتر لە 200 داعشمان دادگایی کردووە، پرسەکەش بەردەوامی هەیە، گوتیشی: سەبارەت بە ماددەی هەشبەربەداخەوە ئەوانەی سزا دراون یان راگیراون، زۆربەیان ئەو ماددەیان بەکارهێناوە.